بۆ کۆچی دوایی مامۆستا و هاندەرم ئەحەمەد هەردی ... ڕەزا حەمە

بەبۆنەی مەرگی دڵتەزێنی { بەشیعر و بە ناو هەمیشە زیندووی } شاعیری گەورەی قەڵەمڕەنگینی کورد مامۆستا ئەحەمەد هەردی { ڕیالیست و ڕۆمانیست، جواننناس وجوانکار، ئازادیخواز و پێشەوای هەستیاران } ەوە، ماتەمینی و هاوخەمی خۆم دەردەبڕم و سەرخۆشی لە کچان و کوڕان و سەرجەمی بنەماڵەی ئەو شاسوارەی شیعری کوردی دەکەم.

ُپیرم هەردی، تۆ ئەی ئەو گوڵەی هەرگیز ناوەریت، تۆ ئەی هەستی هەمیشە گەنج و گەش،
تۆ ئەی زایەڵەی بەردەوامی ووشە بەپێزەکان، تۆ ئەی ئاسمانی شیعرە باڵدارەکان، دڵنیابە، جارێکی تریش دڵنیابە کە مەرگی یەکجاری تۆ لەگەڵ مەرگی هەست و جوانی و خۆشەویستیدایە،
هەرکاتێ ئەوان مردن، ئەوسا تۆش ماڵئاوایی لە ژیان دەکەیت.
پیرم! تۆ هەم مامۆستا و هاندەری دەیانی وەکو من بوویت، هەم باوکێکی خەمخۆری خێزانێکی چالاك و ڕۆشنبیر.
منی قوتابی ڕێبازی شیعریی تۆ، بەگومانم لەوەی نامەیەکی دڵداری نووسرابێت و بنووسرێت کە شیعرێکی عاشقی تۆی لە ئامێز نەگرتبێت. بەگومانیشیم لەوەی کە هەرهەموو شیعری ڕۆمانسی کوردی توانیبێتی هێندەی ئەو چەند شیعرەی تۆ....

مرۆڤی کەمهەستی هەستئاخن کردبێت،
دڵی ڕەقی دڵبەرانی نەرمونیان کردبێت،
دڵی ژەنگاوی بەگوڵاوی خۆشەویستی خاوێنکردبێتەوە،
بارانی ئاسودەیی بەسەر نائارامی دڵداراندا باراندبێت.
ئەی خۆشەویستی خۆشەویستان:
شیعری تۆ...
چەپکێ نێرگزی چواروەرزن
شیعری تۆ...
جوانترین دیاری دڵدارانن
شیعری تۆ...
وەك ئەستێرە گەش و بەرزن
شیعری تۆ...
ك‌ڵاوڕۆژنە و بارانن..

تۆ، ئەی وێردی هەمیشەی سەر زوبانی دڵداران، دەربارەی شاکارەکانی تۆ من چی تر بڵێم، لەکاتێکدا گۆرانی لوتکە فەرموویەتی:{هەردی قوتابخانەیەکی تایبەتیە لە شیعری کوردیدا و شوێندەستی لە هەڵبەستەکانیدا دیارە}.
لەم دوورەوە بەرد و خۆڵی سەر مەزارەکەت ماچدەکەم.

ڕەزا حەمە / ئەڵمانیا / کۆلن 2006 /10/29